# کارەسات: ژنی کورد بەرەو کوێ

بەیان فەرشی

ئێمە رەگ و ریشەمان لە رابردوو دایە کەوایە لق و پۆپەکانی ئەمرۆ لەرێگای ریشەوە ئاودێر دەکرێن، بۆیە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە کێشەکانی ئەمرۆمان پێوەندی راستەوخۆیان لەگەڵ رابردوو هەیە. مەبەستی ئەم دەقە دەستنیشانکردنی هەندێ لە سەرچاوە سەرەکییەکانە بۆ دنیابینی ئەمرۆی مرۆڤ و بەتایبەت مرۆڤی کورد سەبارەت بە ژن. ئەو چەند نموونەی خوارەوە هەندێ بەڵگە و سەرچاوە و بناغەی فەلسەفەی پیاوەمزنین کە بەپێی تێپەربوونی ساڵ و سەدەکان گۆرانیان بەسەردا هاتووە و تەشەنەیان کردۆتە ناو بیروباوەر و فەلسەفەی چۆن روانین و دنیابینی مرۆڤ بەگشتی و بەپێی دەسەڵاتی دەسەڵاتداران وەکوو هەڵێک لە قازانجی دەسەڵات قواستراونەتەوە و چوونەتە ناو دەفتەری یاسا و رێسا و لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگاکان ئاوێتە بوون و بەگشتی کۆمەڵگایەکیان لەسەر زەوی پێکهێناوە کە لانیکەم لەسەر یەک شت هاورِان: "ژن لە پیاو کەمترە."



بە وردی سەیرێکی ئەم نموونانە دەکەین:

تەورات:

"خوا کە بینی لە نێو هەموو ئەو بوونەوەرانەی کە خوڵقاندوویەتی تەنیا ئادەم بە تەنیایە، دەیخاتە نێو خەوێکی قورسەوە و لەو کاتەی کە لە خەو دایە، یەکێ لە پەراسووەکانی دەردێنێ و ژنی لێ ساز دەکا و دەیهێنێ بۆ لای و پێی دەڵێ کە ئەوە بوونەوەرێکە لە گۆشت و ئێسقانی تۆ و چون لە تۆم سازکردووە، نێوی دەنێم ژن" (برێشیت – جێنێسیس – بەشی ۲، ۲۰-۲۳)

..."لەبەر نافەرمانیکردنی ئادەم و ئیڤ، خوا دەفەرمێ کە وادەکا کە بۆ هەمیشە رق و قینێکی تایبەت هەبێ لە نێوان ژن و پیاو دا و بە ئیڤ دەڵێ کە کارێکی وەها دەکەم کە ژان و ئازارت لە سەر زەوی چەند بەرابەری پیاو بێ و بە ژان و ئازارێکی زۆرەوە منداڵت بێ و پیاو دەسەڵاتدارت بێ و بۆ هەمیشە بە سەرتدا زاڵ بێ" (برێشیت – جێنێسیس – بەشی ۳، ۱-۲۰)

ئینجیل یان بایبڵ:

"دەمەوێ زام و ئازار و خەفەتت چەند هێندەی پیاو بێ، بۆیە دەبێ لە ژان و ئازارێکی زۆر دا منداڵت بێ؛ پیاویش بۆ هەتا هەتایە دەبێ دەسەڵاتدارت بێ" (جێنێسیس ۳:۱۶)

"ژن دەبێ بە بێدەنگی و ملکەچی تەواو فێربێت. من رێگە نادەم ژن ببێتە مامۆستا و دەسەڵاتی بەسەر پیاودا هەبێت؛ ژن دەبێ بێدەنگ بێت" (۱ تیمۆتێۆس ۲: ۱۱-۱۲)

"قەت نابێ ئارەزووی ملک و ماڵی جیرانەکەت بکەی وەکوو ماڵەکەی، ژنەکەی، خزمەتکارەکانی، و مەڕ و ماڵاتی" (ئێکسۆدوس ۲۰:۱۷)

"ئەگەر پیاوێک کچی خۆی وەکوو دیل بفرۆشێ، ئەو کچە هەموو ئازادییەکی خۆی لە کیس دەدا و پلە و پایەی زۆر لە دیلێکی پیاو نزمترە" (ئێکسۆدوس ۲۱:۷)

قورئان:

"پیاوان بە سەر ژنان دا دەسەڵاتیان هەس، کە خوا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدی هێنا. دیارە پیاوان ئەرکی بەرێچوونی ماڵیان لە سەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێبیسن و _ وەک خوا فرمانی داوە - دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەن وجێگەیان لێ جیاکەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانووی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خوا جێبەرز و زانایە (نیساء، ۳٤)

"لە مەڕ عوزری ژنانەوەش لێت دەپرسن، بێژە: ئەویش ئازارێکە؛ ئەو چەند رۆژەی خوێنیان هەیە، سەر جێی ژنانو مەکەن؛ راوەستن تا پاک دەبنەوە. هەرگا لە خوێن پابوونەوە، لەو جێیەوە کە خوا فەرمانی پێداون بۆیان وەزن. خوا لەو کەسان خۆشی دێ کە لە گوناح پەژیوانن و دەیانەوێ بە پاک و خاوێنی بژین" ( بەقەرە، ۲۲۲)

"ژنانو کێڵگەی خۆتانن؛ لە هەر کوێوە دەتانەوێ، بچنە کێڵگەی خۆتانەوە؛ توشەیەکیش وەپێش خۆخەن. دەبێ لە خوداش بترسن، بیشیزانن دەگەڵ خوا رووبەرەهـ دەبن. مزگێنیش بدە بەو کەسانەی خاوەن باوەرن" (بەقەرە، ۲۲۳.(

بودیسم: ژن لە ئایینی بوودا دا وەک بوونێکی تەواو سەیرناکرێت. بوونی ژن گونجاو نییە بۆ گەیشتن بە پلەی رۆشنگەری و بوون بە بوودا.

لەبەر ئەوەی ژن ئەرکی پاراستنی وەچەی مرۆڤی لە ئەستۆیە، جەستەی لەگەڵ سووڕی فیزیکی ژیاندا گرێدراوە، بۆیە توانایی گەیشتن بە پلەی بوودای نییە.

هیندوئیسم: لەنێوان هەموو ئایینەکاندا، خودای مێینە بەهێزترین بوونی هەیە لە هیندوئیسمدا. ژن و پیاو خاوەن نرخ و بەهایەکی یەکسانن.
گەورەپیاوانی فەلسەفە:
ئەفلاتون دەڵێ: ژن، بە گشتی، نەتەنیا لەباری هێزی جەستەیی بەڵکو لە زیرەکی و لێهاتوویشدا لە پیاو کەمترە.
سوقرات دەڵێ: ژن لە بنەڕەتدا لە پیاو کەمترە و هەر بۆیە دەبێ لە ڕۆڵی نەریتی ناوماڵدا قەتیس بمێنێتەوە.
ئەرەستۆ دەڵێ: بەشێوەیەکی سروشتی پلەی ژن لە پیاو کەمترە بۆیە ناتوانێت لە کۆمەڵگادا بەشدار بێت .
نیچە دەڵێ: ژن دووەم هەڵەی خودا بوو.
کۆنفۆسیۆس: ئەرکی ژن بەرامبەر بە مێردەکەیەتی، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرپرسیارێتی و ئەرکی خێزانی و کارەکانی ناوماڵ ئەرکی ژنن. ژن مافی بڕیاردانی نییە. ژن دەبێ لەژێر کۆنترۆڵی باوک، مێرد و کوڕەکانیدا بێت.
لە سەرەتای چیرۆکی گلگامێشدا خواژنەکان و خواپیاوەکان نوێنەرایەتی خوا دەکەن لەسەر زەوی. ڕۆحی خودابوون لەناو ژن و پیاودا دەژی. ڕەنگە ئاوا چیرۆکەکەمان دەستی پێکردبێت. لەنێوان ململانەی بوون و نەبووندا، لەنێوان ململانەی گرتنە دەستی هەمیشەیی دەسەڵات لەلایەن پیاوەوە و بەدیل گرتنی ڕوحی خودایەتی لەناو ژندا، لە نەزمی نوێی دنیادا، خودایەتی یەک ڕەگەزی لە گۆڕەپانی ژیاندا دادەڕێژرێ و ڕۆحی خودایەتی لەناو ژندا بە دیل دەگیرێت .
بەڵام کە ڕوحی خودایەتی لە ژندا بە دیل گیرا، وڕەی وردکرا، بوێری کووژرا، خاوەن ویست و ئامانج بوونی لێ بەیەخسیر گیرا، ڕوحی خۆبوونی تێدا کووژرا، متمانەبەخۆیی لێ هەستێندرا، بێ هێزی و بێدەسەڵاتی جێی ویستی دەسەڵاتداری گرتەوە، دەستەمۆبوون و گوێبیستی جێی پرسیار و بۆیەکانی گرتەوە، زەلیلی جێی سەربەخۆیی گرتەوە، خۆبەکەم بینین و بێباوەڕی جێی خاوەندارێتی لەخۆ و باوەڕبەخۆیی گرتەوە، ئەوانە بوونە کەرەسەی دڵخۆشکەریی پیاوان و لەگەڵ مرۆڤێکی خاوەن بڕیاری سەربەخۆ جێگۆڕکەی پێکرا. زنجیری باوەڕی خوا نەبینراوەکان، زنجیری کۆیلەتی فەلسەفەی پیاوە خواکانی خوڵقێنەری بیر و فەلسەفە و ئایدئۆلۆژی و ئایین، دەست و پێ و دەمی گرێدا و لە پلەی خودایەتییەوە بۆ پلەی تاوانبار و کۆیلەیەکی تاوانبار دایانبەزاند و بوو بە بوونەوەرێک وەکوو هەموو بوونەوەرەکانی تر لە خزمەت جێبەجێکردنی ئامانجی پیاو و پیاو بوو بە خاوەنی جەستە و بیر و ویست و بڕیارەکانی .
وتە و بڕیارە ئایینیەکان لەسەر ژن و سەبارەت بە ژن لەگەڵ بیروبۆچوونی فەیلەسووفە مەزنەکانی مێژووی فەلسەفەی مرۆڤایەتی وەکوو پێوەرێکی بڕواپێکراو و پاڵپێوراو لە پرسیار و بۆ و بۆچی، بوونەتە بەردی بناغەی بیروباوەڕێکی بەربڵاوی گشتی مرۆڤ سەبارەت بە ژن و سازدانی دنیابینییەکی تەسک سەبارەت بە ژن لە چوارچێوەیەکی قەتیسکراودا. ئەم سەرچاوە سەرەکی و پیرۆز و متمانەپێکراوانە ئەرکی خۆیان لە هێشتنەوەی دەسەڵاتی پیاو و بەکەرەسە شوبهاندن و بە نزم نرخاندنی ژن بەباشی بەجێگەیاندووە.
نێر و مێ پێکهاتەی کۆمەڵگای مرۆڤین. ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، بەڵام لەگەڵی لە کێشە داین. ئەم پێکهاتەیە سروشتی سروشتە، لەلایەن مرۆڤەوە ڕێکنەخراوە و پێکنەهاتووە. بەڵام ئەگەر لێم دەپرسن ئەم سروشتە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ خۆتان دەزانن هیچ وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە نییە، جارێ نییە! جا بۆیە تەنیا گریمانەی ئەوە دەکەین ئێمەش وەک هەر شتێکی تر لە سروشتدا لە سروشتەوە سەرچاوەمان گرتووە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە هەمووومان لەسەر پێکهاتەی سروشتیی کۆمەڵگامان هاوڕاین: دوو ڕەگەزی جیاواز بە توانایی جیاواز و تایبەتمەندی جەستەیی جیاوازەوە، بەڵام، ئەو بەڵامەی کە ژێرپێ دەخرێت ئەوەیە کە هەر دوو ڕەگەزەکە دەبێ خاوەن دەرفەتی یەکسان بن لە هەڵە ڕەخساوە دابینکراوەکانی سروشتی و مرۆڤی چون هەرکیان خاوەن شیانی یەکسانن لە دانانی یاسا و ڕێسا و چاکسازی و پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.
وەک ئەندامانی کۆمەڵگا بەسەر دوو پۆلدا دابەش بووین. ڕەنگە هەر ئەوەش هۆکاری حەزی لەڕادەبەدەرمان بێت بۆ پۆلێنکردنی هەموو شتێک و دواتریش دەستنیشانکردنی نرخ و بەهای جیاواز بۆ پۆلێنە جیاوازەکان. هەر بەو پێیەش نرخ و بەها بۆ ئەندامانی کۆمەڵگاشمان دیاری دەکەین. بەپێی پۆلێنبەندییەکانمان، هەندێک لە شیانەکان (=تواناییەکان) بە کەمڕەنگ دەنرخێنین و لەڕیزی خوارەوە جێیان دەکەینەوە، ئەگەرچی بەبێ ئەو شیانە کەم نرخێندراوانە کۆمەڵگایەک هەڵناسووڕێت و بەرەو پێش هەنگاو نانێت. ئێمە ئامادە نین دان بە ڕاستییەکاندا بنێین و هەموو شیانەکان و تواناییەکان وەکوو یەک بنرخێنین. ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی نادادپەروەری جلی یاسا و ڕێسا لەبەربکات و نادادی ڕۆڵی یەکسانی بگێڕێت. دیسان جێ پەنجەی جیاواز نرخاندنەکانی ئایین و فەلسەفە لەم بوارەشدا دەبیندرێ.
کێشەی ژنان لە پرسی کۆیلایەتی دەچێت و دەتوانرێت لەناو ئەم بوارەدا پێناسە بکرێت. کۆیلایەتی لە دەستبەسەرداگرتنەوە دەست پێدەکات. لە دەستبەسەرداگرتنی کەسایەتی و بیروباوەڕ و جەستە هەتا دەگاتە کەلوپەلی مادی و خاک و وڵات. تەشەنەکردنە ناو مێشک و بیروباوەڕ و دەستێوەردان و گۆڕینی سەرچاوە هزرییەکان وایان لێدەکات باوەڕ بەوە بێنن کە داگیرکەر لەسەرتر و لەبانترە و خاوەن بایەخی مەزنترە. ئەم پرۆسە سیستێماتیکە بەردەوامە و لە درێژخایەندا هەموو تایبەتمەندی و بایەخەکانی کۆیلە دەسڕێتەوە و جگە لە پارچە ئامرازێک کە هەموو خەم و کەسەری ڕازیکردنی داگیرکەرە هیچی لێ نامێنێتەوە، ئەویش ئەو داگیرکەرەی پێی قەبووڵاندووە و بەسەریدا سەپاندووە کە

ئەو و تایبەتمەندییەکانی ئەو نزم و پووچەڵەن. ژن کە لە سەرەتای ئایینی نووسراو و فەلسەفەدا وەک کۆیلە دەستنیشان کراوە، ئیدی کێشەیەک نابیندرێ تا بەرِیبی کۆمەڵگا بگرێ.
لە پرۆسەی کۆیلاتیدا هەمووکەس بە یەک شێواز وڵام ناداتەوە و هەمووکەس بەرگەی ئەم وردوخاشبوون ناگرێت چون هەرکەس ڕەهەندێکی جیاواز دەسنیشان دەکات و بە پشتبەستن بە لێهاتوویی لە ڕوانگەی جیاوازەوە دۆخەکە شیدەکاتەوە.
جێگیرکردنی کۆیلە لە دۆخێکی مان و نەماندا (هەر وەک چۆن لە قورئان ئەمر هاتووە، بڕوانە سەرچاوەکان لەسەرەوە و هەروەها هەر ئەو جۆرەی کۆنفۆسیوس ڕێ و شوێنی ژیان بۆ مرۆڤ دابین دەکات)، دەستەبەرکردنی ئاقارێکی بەتاڵ لە زانین و باوەڕبەخۆیی و تەژی لە تایبەتمەندی ڕواڵەت و جەستەیی بەشێکن لە ئامرازەکانی بەکۆیلەکردن، بەڵام کاریگەرترین ئامراز ئایینە، ئەو وشە پیرۆزانەی پۆلێنکردنی مرۆڤەکان پشتڕاست دەکەنەوە و دەسەڵاتێکی زۆر بەسەر کەسێکدا دەبەشنەوە و بەشێوەیەکی ناڕەوا دابەشی دەکەن. ئایین کاریگەری زیاترە چون ئاستی گوێڕایەڵی مرۆڤەکان لەبەرامبەر ئاییندا لەسەرترە.
ئامرازگەلێکی جیاواز هەن کە ڕێگرن لە خۆتێگەیشتن. ڕێگر لە خۆتێگەیشتنی ژنان لە خۆیان و دەوروبەریان. بە شێوازگەلی ناڕاستەوخۆ ژنان هان دەدرێن زیاتر گرینگی بدەن بە ڕواڵەتیان تا بردنەسەری ئاستی زانیارییان، بۆیە ژنان لە پێشبڕکێیەکی بەردەوام دان لەگەڵ یەکتر و دەستکەوتە ڕواڵەتییەکانی یەکتر. ژنان بابەتی شەرمەزاری و هۆکاری سەرشۆڕین لە زۆربەی بەشەکانی دنیا لەسەر بنەمای باوەڕە ئایینییەکان و فەلسەفەی پیاوەمزنی کە بناغەی لە بنەمای ئایینەکاندا چەقیوە، چ ئایینی چەند خودایی یان یەک خودایی.
ناوبەدەرترین ئامرازی ئەورۆیی بۆ کەڵکوەرگرتن لە ژنان ئامرازی ئابووری و بازرگانییە. ژنان خوازراوترین ئۆبژەن لە قازانجی ئابووری و بەدەستهێنانی سەرکەوتنی بازرگانی. ژنان ئۆبژەیەکی پڕاوپڕ بەس و کارامەن بۆ ڕێکلامی بازرگانی لەبۆ ڕاکێشانی کڕیاران و بەرزکردنەوەی قازانجی ئابووری. ئەوەش شێوازێکی نوێ لە کۆیلاتییە بە کەڵکوەرگرتن لە ڕواڵەتێکی درەوشاوە و سەرکەوتنێکی پڕ لە قازانج کە دەبێتە ڕێگر لە قووڵبوونە و ڕۆچوون بە ناخی کۆیلاتیدا .
ئێمە کۆمەڵگاین. ئێمە مێشکی ئەم کۆمەڵگایەین. ئێمە ئەو مێشکەین کە تەگەری/چەرخی پێشکەوتن بۆ کۆمەڵگا دابین دەکەین. بەڵام کێشە لەوە دایە، ئەم "ئێمەیە" قەت هەمووەمانی لەخۆ نەگرتووە. هەمیشە نیوەیەک یان باشتر بڵێین بەشێک لە ئێمە بووە. لەبەر زۆر هۆکاری ئایینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دابونەریتی ژنان نەیانتوانیوە بەشێکی چالاک بن لە سەرکردایەتیکردنی ئەم ڕێکخستنە و ئەم بەرپرسیارەتییە. ئایینەکان دەنووسن، ژن ڕەگەزی دووەمە و یاسا دەستنیشان دەکات، ژن شارومەندی دووەمە.
متمانە و باوەڕبەخۆیی ژنان لە ڕەوتی مێژوودا هەنگاو بە هەنگاو لێی سەندراوەتەوە و ئەنجامەکەی بەرهەمێکی سەرکەوتووە کە لە ڕێگەی دەستێوەردانەوە بەرهەم هێنراوە. لانیکەم لەم حاڵەتەدا دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین ژنان بەرهەمی دەستی پیاوانن.
ژنان ڕاهێنراون، باوەڕیان بەوە هەبێت کە لاواز و بێدەسەڵاتن و کەمتر توانای بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەیە؛ ژنان ڕاهێنراون، باوەڕیان بەوە هەبێت، وەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەوان لە ژیاندا گرینگایەتییەکی ئەوتۆی نییە چون ژن بەرپرسیاریەتی پەروەردە و بەخێوکردنی نەوەی داهاتووی لە ئەستۆیە؛ ژنان ڕاهێنراون باوەڕیان بەوە هەبێت کە داپۆشینی جەستەیان ستایشکردنە بۆ خوداوەندەکان؛ ژنان ڕاهێنراون باوەڕیان بەوە هەبێت کە ئاشکراکردنی جەستەیان کردەوەیەکی ئازایەتی و ئازادبوون و شارستانییەتە؛ ژنان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ڕاهێنراون لەلایەن بنەماڵەوە، دەوروبەریان، مامۆستایان، قوتابخانە، کۆمەڵگا، ئابووریزان، سیاسەتوان، حکومەت، ئایینەکان و خوداکانەوە . ئەمانە هەموویان سەرچاوەی خۆراکیی بیروهزرن بۆ ژنان و ئەمەش ئەگەری هاوبەشکردنی تاجی دەسەڵاتی پیاو لەگەڵ ژنان کەمدەکاتەوە.
ئەمانە ڕاستییەکانی زۆر شوێنی جیهانە. لەوانەیە نکۆڵی لێ بکەین، بەڵام لە ژێر ڕواڵەتێکی بریقەداردا شاردراونەتەوە. دۆزینەوە و ناسینی خۆمان نهێنی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگە کە یەکسانی هەم تۆوە و هەم بەرهەم. هەڵبژاردنی بێدەنگی لە ئاست نادادپەروەریدا لاوازی ئێمە نیشان دەدات. مرۆڤی بوێر بڕیاری بێدەنگی نادات چون مرۆڤی بوێر لێرەیە بۆ خوڵقاندنی گۆڕانکاری، گۆڕانکارییەک کە یارمەتیدەرمانە بۆ پێشەوەچوون.
ئەگەرچی چاخە کۆنەکانمان تێپەڕاندووە، بەڵام هەنبانەی بیروبۆچوونەکانی ئەم قۆناغە کۆنانەی مێژوومان ڕاگواستۆتەوە کە بە هیچ جۆر هاندەری بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی هاوسەنگ نین. چاخە کۆنەکان تێپەڕیون، بەڵام کۆمەڵگای مرۆڤ ئێستاش گیرۆدەی یاسا و ڕێسای ئەو چاخە کۆنانەن کە لەگەڵ ویست و پێداویستی و ڕەوتی ژیانی ئەم سەردەمە دژایەتییان هەیە و بەزۆر چەسپاندنیان لەناو کۆمەڵگا کارەسات دەخوڵقێنێ.
لەنێوان ئەم هەموو ئایین و بیروباوەڕی فەلسەفی و ئیسم و ئیزمەدا، سەرەڕای هێرشی ئایینی و فەرهەنگی و ئایدئۆلۆژی بە پشت بەستن بە دیاردە ئەرێنییەکانی کۆمەڵگای کوردی لە پێوەندی لەگەڵ ژن و پیاو و هاوتەرازبوون و هاوسەنگ بوونی ڕوانگەی ژن و پیاو بەرامبەر بە یەک وا دەردەکەوێت کۆمەڵگای کوردی ڕەوتێکی جیاواز و تاقانەی بڕی بێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەمتەرخەمی و خەمساردی زانایان و نووسەرانی کورد لە سەدە جیاوازەکاندا، ئەم جیاوازییانە بە وردی ڕوونەکراونەتەوە و توێژینەوەیەکی چڕ و پڕیان بۆ نەکراوە. لەم سەردەمەی پێیدا تێدەپەڕین، ئێستاش ئاسەوار و

نیشانەکانی ئەم جیاوازییە لە شێوازی دنیابینی کورد و چۆن ڕوانینی بۆ ژن و چۆن ڕوانینی ژن لە خۆی و ئەرک و بەرپرسیاریەتی و پلە و پایەی ژن لەناو فەرهەنگی کوردیدا بە زەقی ماونەتەوە و دووبارە ژیانەوەیەکی ئەم دنیابینییەی کورد خەریکی سەرهەڵدانەوەیە. پاش سەدان و هەزاران کەوتن و هەستانەوە و سڕینەوەی جێ پێکانمان لە ڕەوتی مێژوودا و هێرشی ئایینەکان و نەتەوەکان و ئایدئۆلۆژییەکان بۆ سەر کورد، کورد لەسەر ڕیشەی خۆی شین بۆتەوە چون کورد پشت ئەستوورە بە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند کە خوازیاری پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە و دوور لە هەڵاواردنە و ڕێز لە جیاوازییە سروشتییەکانی مرۆڤ دەگرێ.

ئایین و فەلسەفەی خوازیاری مرۆڤ بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوتی ژیان و قەتیس خستنەوەی ژن و تەگەرەخستنە سەرڕێی بۆ بەشداری نەکردن لەناو کۆمەڵگا نەیتوانیبوو بۆ هەزاران ساڵ تەشەنە بخاتە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی. ژن لە کوردستان وەکوو پیاو و بەڕادەی پیاو بەشداری هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا بووە لە بازرگانی و ئابوورییەوە بگرە هەتا پەروەردە و سیاسەت و داهێنان. ئەم پاراستنە بۆیە مسۆگەر بووە چون مرۆڤی کورد باوەربەخۆ بووە بە خۆی و یاساکانی. هەر بەو هۆکارەش هێرشی ئایینی نەتەوە دوورەپەرێزەکان بۆ سەر کوردستان، هەزاران ساڵە نەیانتوانیوە لە ئەسڵ و ڕەسەنایەتی خۆمان نامۆمان بکەن، بەڵام بەداخەوە ژن و پیاوی کوردی ئاییندار بە ئایینی ئیسلام لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا خەریکی بووژاندنەوەی نەریتە لەچاڵکراوەکانی عەرەب و تورک و فارسن لەناو کورددا و بەتەمای بەکۆیلەکردنی یەکجارەیی نەوەی داهاتوون. بەزۆر زیندووکردنەوە و بەسەرداسەپاندنی نەریت و فەرهەنگێک لەناو کوردستان کە هەزاران ساڵە کورد لەئاست ئەم هێرشە دا بەرگری لەخۆی کردووە و خۆی پاراستووە، تەنیا بۆ پاشەوە گەڕانەوە و لاوازکردنی بناغەی ئەم جیاوازبوونە سروشتییەی کوردستانە.

ئەگەرچی سەردەمی کۆیلایەتی ئاشکرامان تێپەڕاندووە، بەڵام سەردەمی کۆیلایەتی شاراوە بۆی هەیە هەر بەردەوام بێ و کاریگەرتر و کەرەسە و ئامرازەکانیان ترسێنەرتر. ناتوانم بەدڵنیاییەوە بانگەشەی ئەوە بکەم لەنێوان هەموو ژنانی دنیا، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەنێوان هەموو ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ، ژنی کورد، تەنیا ژنێکە کۆیلە لەدایک نابێ و کۆیلەش نییە. بەڵام کۆیلەتیی هاوسێ و جیرانەکانمان تەشەنەیان کردۆتە ناو کۆمەڵگا و بەتایبەتی ناو بنەماڵەی کوردەوە. تەنیا کەرەسەی کاریگەری ڕاگواستنی کۆیلایەتی بۆ کۆیلەکردنی ژنانی کورد لەئێستادا ئایینە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیستەمی بەرگریکردنی کورد لە خۆی بەهۆی لێشاوی ئەم هێرشە دەرەکییانە لاواز بووە و لەلایەکی تریشەوە لەخۆی نامۆکراوە. مرۆڤی کوردی بەهۆی داگیرکاری و ژێردەستەیی بوون و حوکم نەکردنی خەڵک و وڵاتی خۆی لەماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا، مرۆڤێکی ڕووخاوی تێکشکاوی وردوخاشکراوە. بۆ ئەوەی لەم دۆخە ڕزگاری بێت و هەیبەت و گەورەیی و کەرامەتی خۆی بگەڕێنێتەوە و ئەم لەتە وردانە لێک گرێداتەوە، هانا بۆ ئایین دەبات یان باشتر بڵێین داگیرکەر کەرەسەی ئایین وەکوو بژاردەیەکی سەرەکی پێ پێشنیار دەکات و تام و چێژی هێز و دەسەڵاتی لە پانتاییەکی چکۆلە و تەسکدا پێدەناسێنێ بە مەبەستی زیاتر داگیرکردن و زیاتر ڕووتاندنەوەی لە ناخ و هەست و بیری. تەنیا توێژ کە ئەم بژاردەیەی بۆ دەستبەردەکرێت توێژی لەخۆنامۆبووی خۆبەدەستەوەداوە، ئەوانەی ڕەوتی بێبەزیی ژیان فێری ڕق و قین و تۆڵەی کردوون، ئەوانەی وا کەرامەت و گەورەیی مرۆڤ لەلایان بێنرخە، ئەوانەی وا بیرۆکەی خۆبەکەمزانین ناخیانی ڕووتاندۆتەوە. ئەم توێژە باشترین توێژ و ئامانجی دوژمنن. لەڕێی ئەم توێژەوە، توێژەکانی دیکەش داگیردەکرێن و پێش بە گەشە و پێشکەوتنی بیر و هزری دەگیرێت و لەئاکامدا ئەو بەشە لە کۆمەڵگای کوردی کە دەبێتە ئامانجی داگیرکەر لەناوخۆیدا کۆیلە بەرهەم دێنێت کە سەری بۆ داگیرکەر شۆڕ دەبێت.

ژنانی کوردستان ئەوانەی وا لەژێر کاریگەری دین و ئاییندا بانگەشەی فرەژنی دەکەن، ئەوانەی وا بەکردەوە پەرەپێدەری ئەم نەریتە دزێوەن، ئەوانەی وا بە ئاشکرا گەمژەیەکی بە ڕواڵەت ژنن و ڕۆڵی کەوی ڕاوچی دەگێڕن، ئەوانەی وا باوەڕیان وایە پلەی ژن لە پیاو نزمترە، ئەوانەی وا تەنیا کەرەسەیەکن لە خزمەت ئایینێک کە نایناسن، لەڕاستیدا لەهەموو بەها کوردییەکان دابڕاون و تەنیا بووکەڵەیەکن لەدەستی پیاوێکی گەمژە کە کۆیلەی داگیرکەرە. ئەگەر ئەمە شانۆیەک بێت و لەسەرەوە لێی بڕوانین، دەبینین مرۆڤی کورد بۆتە گاڵتەجار و بەڕێوەبەری شانۆیەکی بەناوئاخن دزێو لە دەرهێنەریی داگیرکەر. قووڵایی ئەم کارەساتە هێندە قووڵە کە لە ئەگەری بەردەوامبوونیدا، بەرهەمهێنەری نەوەیەک و دوو نەوەی کۆیلە دەبێت کە چەندین سەدەی پێویستە ئەم شێرپەنجەی ئایینە لە مێشکی کۆیلەیاندا بسڕدرێتەوە.

پێویستە ئێمەی کورد بوێری ئەوەمان هەبێت، ئەم توێژە دەروون نەخۆشە کە ئامانجیان زنجیرکردنی ژنی کوردە لەقاو بدەین. لێرە باسی ڕێز لە ئایین و باوەڕ نییە، لێرە باس لە بەکۆیلەگرتنی بیروهزری کۆمەڵگای کوردییە، لێرە باس لە سڕینەوەی فەرهەنگی کوردییە. بەناوی ڕێز لە ئایین، بۆمان نییە و ناکرێ لەسەر بێدەنگیمان بەردەوام بین. هەموو تێگەیشتنێک، هەموو یاسایەکی سروشتی بەئاشکرا پێمان دەڵێ ئەم ڕەوتە گاڵتەجارە ڕاست نییە، دروست نییە. ئەم ڕەوتە گاڵتەجارە ئایین نییە. نەریتی دزێوی فرەژنی، باڵاپۆش کردنی کچانی مێرمنداڵ، دژایەتی کردنی دابونەریتە جوانەکانی کوردەواری، دژایەتی کردنی هەموو بۆنە و جێژنەکانی کوردەواری، ئایین نییە و ئەرکی ئایین نییە. بێدەنگی هەر تاکێکی کورد لە ئاست ئەم کارەساتەدا نیشانەی خەمساردی و پەسەندکردنی ئەم کۆیلەتییەیە و بەدڵنیاییەوە بێدەنگی ئێمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم گاڵتەجارییە لەناو هەموو چین و توێژێک پەل باوێژێ.

پاشی هەزاران ساڵ خۆپاراستن و بوونە بەشێکی کارامە و چالاکی کۆمەڵگا، چیرۆکی ژنی کورد بە توانەوەی لەناو ئاییندا کۆتایی پێنایەت، چون دار لەسەر ڕیشەی خۆی دەڕوێتەوە.

سەرچاوەکان:
-قورئان بە کوردی مامۆستا هەژار
-تەورات بە ئینگلیزی
-ئینجیل بە ئینگلیزی
-کۆنفۆسیۆس بە ئینگلیزی
" -ژنان لە بودیسم دا" لە نووسینی دایانا پاوڵ
" -چیرۆکە شێعری گڵگامێش، هەڵگەڕاندنەوەیەکی نوێ" لە وەرگێڕانی ئاندروو جۆرج
بەیان فەڕشی